# فاتێحی شێخ و سروودی " ئەی ئیران ، ئەی مرزێ پوڕ گوهەر "[1]

*کاوەی ئەحمەدی*

ماوەیەکی تری پێ بچوایەت دەروێشەکانی مەنسووری حێکمەت، سۆفی شێخ عوسمان ئاسایی شیعریان بە "جووزە"[2] کەشیدا ئەوت و، دەیان وتاری ئەدەبی ـ مووسیقاییيان لە سەر ئەنووسی. دوور نەبوو بە ڕچەشکێنی مووسیقی" بێ کەلام " ی ئێرانی لە قەڵەم بدەن و،" شەماعی زادە" ی گۆرانیبێژ و مووسیقاناسی بەناوبانگی ئێرانیش بەدرۆ بخەنەوە[3]. ڕۆفەقا " فەتە گوو"[4] و ، "کوێخا شەریف "[5] ی شۆڕشی ئەمجارە، ڕفێق " حەپڵای ناشەریفی "[6] و، " ذوالقرنین" ی تیمسار مودەڕڕەسی[7] و ، ڕەفێق " شەعبان بێ موخی" ی سەرلەشکەرمەنسووری نەسیری[8] ، " حەمە چەقۆ سووری لومپەنزادە"[9] و، باقی هاوقەتاران، لە سەر ئەوەی کامیان " بە دەم " ، جووزەی سەرۆك چاك لێئەداتەوە ! ئەبوو بە شەڕیان . ڕەنگە ئیرجی خەرزاد[10] چون ناویشی " ئیرج " ە ، ئیرجانە بیخوێندایە و ، لەگەڵ کوورشی ڕەفیق تیمساریش لە سەر ئەوەی مێلۆدیيەکەی تێك داوە و، " دوو تەبەقە " نزمتر خوێندوويەتی ، تووشی کێشە بوونايە. حەمە سوور، بۆ ئەوەی" ئاوێ بکات بەم ئاگرەدا "[11] و، " باڵی حیکمەتیست " ی حككا جارێکی تریش! لە سەر "جووزە" ی ڕفێق مەنسوور ، دوو باڵی دیکەی لێنەکەوێتەوە؛ بە مەسینەیەك " ئاوی ئەروەند ڕوود "[12]ەوە ئەکەوێتە شوێن سەرۆکی فەرماندە و، لەم دیو دیواری ئاودەستی مودێرنی حیکمەتیيەوە، بە هەوايەکی خەماڵوو و، لە سەر " دەزگای شیراز " لێی ئەپارێتەوە و، فووی پیا ئەکات :

" بە قوربانت بم مووروو جە گەردەن
تکات لێئەکەم فەرموو گوو کەردەن "

ئەویش لە سەر هەوای " هومایوون" و، بە چەشنە تووڕەیی‌یەکەوە بۆی ئەچڕێتەوە:

" بمری و بتەقی ، کۆراییت دایێ
دوێنێ گووم کردگە و، ئەمڕۆ گووم نایێ "

(ـ: درۆیش ئەکات ، زۆڵە . خەریکە! بەڵام ئەوەیشی پێ زۆرە بۆیان بکات ! چاودێرێکی سیاسی وتی حەمەسوور لە دانیشتنێکی " دەروون حیزبی" دا، وەك فاکتێك بە گوێی موزەففەری" پلەی بۆی زادەی" موحەممەدی[13]دا دابوو کە خۆی گوێی لە نقەکەی بووە!! بەڵام ناوبراو بە شێوەیەکی تیۆریك تێی گەیاندبوو کە ڕەفیق مەنسوور خاوەنی چوار جۆر نقەیە و، لەحیکمەتیستێکی بە باوەڕی وەکوو " حەپە " ناوەشێتەوە تێکەڵیان بکات. چوار جۆرەکەشی بە وردی بۆ شیکردبووەوە : نقەی ئاودەستی ، نقەی لەززەت! ، نقەی لەززەتی بەرەوپشت واتە " گەی" ی و، نقەی بیسێکسۆئێل! )

" **من** " کە " ڤیدیۆی سوخەنڕانی مەنسووری حیکمەتم لە کۆنگرەی سێی حککا" [14] دا بینیوە!! بۆ ئەوەی لەم شەڕە سەگەدا، دانەیەکیان دانەیەکیان نەکوژێ ـ نەك بۆ ئەوەی بیگەشێنمەوە![15] ـ نۆت و مێلۆدی‌یەکەیان لە خوارەوە بۆ ئەنووسم . ڕوفەقا هەر لە ئێستەوە ئەتوانن کاری لە سەر بکەن و، خۆیان ڕا بێنن بۆ ئەوەی کۆنگرەی داهاتووی حیکمەتیستەکانی پێ بکەنەوە:




هیوادارم لەگەڵ سروودی " ئەی ئێران ، ئەی مرزێ پوڕ گوهەر " ی شا گیاندا لێیان نەشێوێ[16] . ئەگینا بە جووخەی ئالا حەزرەت قەسەم[17] تیمسار مودەڕڕەسی ئەیان داتە بەر شەق .

---

## ژێر نووس :

(1) ویزای سەر پاسپۆرتیی پەڕینەوە بەرەو جیهانی چاپ و بڵاو بوونەوەی ئەم بابەتە کە ئەکەوێتە خانەی( ساتیری پاڕوودی)[*]یەوە ـ و، دەیان بابەتی تر کە بە

دوایدادێت ـ لە باڵوێزخانەی ئەو چەن دێڕەی خوارەوەی حەمەسووری حككا ـ حیكمەتیست دا لێدراوە.

وشەكانی ئەم بابەتانە ، لە سەنگەری گەلەوە، پێ لەو ئاوە ئەخەن فاتێحە جاش و، زۆڵە كوردە چڵكاو خۆرە، سووك و سەلیمە، خۆ بەكەمزانە، پێڵاولێسە ، عەقڵ خەسارە، سیخوڕە، شەرم تكاوە ، پەردە دڕاوە، شۆفارە خۆفرۆش و قەحبە ـ بە ناو ـ سیاسەكانی شۆڤێنیسمی فارس ( و، داگیركەرانی تر) ، لە سەنگەری خالید بەگداش و تەها یاسین ڕەمەزان و ڕەمەزانزادە و خالۆ قوربان و ڕەشید یاسەمی و موسلیح جەلالی و ... عەبەی قاسم و حەمەی كەیكاوس و، مودەڕڕەسی و پژمان و، غەنی باباخاسی و، عەتای عەسكەر و ، حەمە چاوە و، دارابی و، تەحسین شاوەیس و سەرۆك جاش و موستەشارەكانەوە ڕژاندیان. حەمە سوور ـ كە باشتر وابوو ، ئینشا فێر بێ جا بنووسێ. وشەكانی ئەلێی قالۆنچەن و بەر گسكی خاتوو ئازەر كەتوون ـ لە سایتی بەڕێزی برووسكەدا ( پێنج شەممە ، 30 سێپتامبری 2004 ) و، لە ژێر ناونیشانی "سەبارەت بە ... " دا ئەڵێ :

لەم بارەیە بە پێویستی دەزانم بە كورتیش بووە نەزەری خۆم دەربرم:

یەكەم، لە وڵاتانی رۆژئاوای وەكوو، ئامریكا، بریتانیا، ئاڵمان و فەرانسە و .. گاڵتە كردن بە كەسانی وەكوو بووش و بلێر و گێرهارد شرودر و شیراك و...شتێكی ئاسایە، چ لە لایەن رۆژنامەكانەوە و چ لە لایەن كەسانی ناسراوو بەناوبانگەوە. ئایا "قارەمانانی" ناسیونالیزمی كورد كە لەوانەش زۆر دواكەوتووترن، "تاقانەن"؟! لە راستیشدا "تاقانە" نین، ئەمانە ریاكارانە وایان نیشان دەدەن. بچنە شاری سلیمانی بزانن كێ

بابەتی لەم چەشنە لە ڕاستیدا لەو ڕۆژەوەی جاسووسی بەكرێگیراوی وەك ڕاژانی و كارمەندەكانی، لەلایەن سیا و، ئێم . ئای . سێكس و، مووساد و، میت و ساواماوە بۆ حەیا بردنی كۆمۆنیسم و، نووچدان بە خەباتی شێلگیری گەلی كوردستانی كوانووی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، سمی نگریسیان خاكی كوردستانی چەپەڵ كرد؛ گەرایان خستبوو. لە 1989 دا سەراویان تەقی و؛ پاش جنێوەكانی فاتێحی شێخ بە گەلی كوردستان و ، كوردستان و، ڕێبەرانی شەهیدی وەك قازی موحەممەد ( كە لە لایەن شای سەگی ئاڵقە لەگوێی ئێمپێریالیزم و، باوكی ڕەزا شای جەوانی هاوپەیمانی حككاوە لە سێدارە درا و، وەها قارەمانانە مەرگی بەزاند و بوو بە ئەفسانە، كە تەنانەت گێڕانەوەی كاتی ئێعدامی جەللادەكانیشی، بەیتێكی نەبەزیە) و، ئەو شێخ مەحموودەی ، گاندی ئاسا ، تەنیا تاوانی ، هەڵكردنی ئاڵای خەباتی دژی ئێمپێراتۆری داگیركەری بریتانیا بوو( كە لە لایەن حككای چڵكاوخۆریانەوە كفرە!) و؛ پاش ڕشانەوە لە چی لای گەلی كوردستان پیرۆزە؛ لە دایك بوون. لێرەوە بۆ ئەو وشە و دارشتنانەی لەم نووسینانەدا بەكارم هێناون و، ئەیهێنم داوای لێبووردن لە خوێنەر ئەكەم و، لە

بەیانیی کوردستانی ئازاددا، لەگەڵ ڕاپێچ کردنی سەرانی ڕژیمی خوێن و سێدارەی خومەینی و ، ئەم بەکرێگیراو و، " فایلدار" و ، کویسلینگانە دا، بۆ دادگای گەل، شەرت بێ منیش بۆ ئەوەی ڕووی ناسکی ئەدەبیاتی کوردیم نەڕووشاندبێ، بیانسووتێنم.

ئەوەی ئەم وشانەی پێ لە سنووری ئەدەب و ئەدەبیات دەریاز بوونە، با جارێکی دیکە گوێ لە تۆماری دەنگی فاتیح بگرێ . پاشان فێرم کا بە چ زمانێ حککا و فاتێحی دەمڕاستیان بدوێنم کە بە قازی موحەممەد و شێخی نەمر و، مام جەلال و کاک مەسعوود ئەڵێ "گوو " و، بە ئاپۆ ئەڵێ کەتۆتە "گوو خواردن" و، ئەو مەیموونانەش ( دوو لە مەیموون ) لە کونفەرانسەکەدا دانیشتوون و ، گوێی لێئەگرن ، قاقا پێئەکەنن .

ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە حەق، گوو بە کڵاوی ئەم زۆڵە کوردانە ناپێون و ، بە ڕەوتێکی سیاسی هەڵقوڵاو لە بزووتنەوەی گەلانی کوردستان و ئێرانیان نازانن و، وەك جاشی لە جاشە کلاسیکەکان کەمتر، سەیریان ئەکەن و، ببڕای ببڕ بە ناوهێنانێکیشیان دەمی نووکی قەڵەمیان پیس ناکەن و، هەر ئەوەش حککاییەکانی ـ کە تا زیاتر لێکیان دەیتەوە، پتر بۆگەنیان دێ ـ شێت کردووە . بەڵام من لە سەر ئەو باوەڕەم ساتیر نووسی کورد ـ هەر بۆ خۆشی و ، گاڵتە و گەپ و پێڕابواردن و زاخاوی مێشك ! ـ بۆی هەیە شەقی قەڵەمی لێیان بخاتە کار و، لە ناو تەنەکەی خۆڵی مێژووشدا وازیان لێنەهێنێ . قەی چی ئەکات ، ڕشتەی مرواریی‌یەکی تر و " داستانی مەلای مەزبوورە " یەکی دیکە ، لە سەر ئەم دەعبایانە ، لە ئەدەبیاتی کوردیدا بئافرێنرێ؟ !

بەرەو زستان ئەڕۆین و گەلی کوردستان پێویستی بە شەوچەرە و، جۆکە جاشە ! ( واتە جۆك لە سەر جاش!).

(*) لە سەر ساتیر و پاڕوودی ئەتوانی لێرە بخوێنیتەوە:
http://en.wikipedia.org/wiki/Satire

(2) کاتی خۆی یەکێك لە سۆفییە مەسینە هەڵگرەکانی شێخ عوسمانی بیارە کە لەم دیو ئاودەستەکەوە گوێی لە " زایەڵەی زەنگ"(*) ێکی سێحراوی! ئەبێت، دەم و دەست( واتە " فیالبداهە " ! ) ئەم شیعرەی بۆ دێت:

" قوربان جووزەت بم، جووزەت وەشەنی        هەر پاسە شمشاڵ جە بەهەشتەنی"

(*) لە شێعرێکی " فاتێح " ەوە وەرگیراوە. لە سەر" فاتێح و شیعر" چاوەڕێی بابەتێك! بن.

(3) ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێران مووسیقی بێ کەلام( بێ وشە) ی نیەو، چی هەیە مووسیقی گۆرانی یە. (تێلێویزیۆنی دیدار، 19.10.04)

(4) فاتێحی شێخ (1940 ـ 1989)(*) . لە وتارێکی تایبەتداو، بە زووترین کات و ، بە سەرینی ئەچمە دیەنی! بە سەریەوە وەستابێ تا دەستی قەڵەمم ئەیپەرژێ! پەیمان! پەیمان! کە لە ڕێگای ئەم مۆبۆتۆ سێسێسێکۆیانەوە ( فاتێح ، مودەڕڕەسی ، ڕێبوار ، خاڵۆ قوربان ، تەها جەزراوی، بەگداش...) پێشمەرگە ئاسا تا ئەمێنم سەنگەری شەرەفی خەباتی لۆمۆمبۆیی دژی ڕازانی ، نەسیری ، ئەرفەع ، چەمران ، خەڵخاڵی ، تەقوایی، ئۆزدەمیر ، ئەفلەق ، ئاتاتورك ، ڕەزای میر پێنجی جەوان و... بەرنەدەم. خۆڵی بەرپێی شەهید پێشەوا و شێخ مەحمووی نەمر و، شەهید فوئادی موستەفا سوڵتانی و، شەهید حەمە حسەین و، شەهید د. قاسملوو و، شەهید خاڵەشەهاب و شەهید لەزگینم و، تا کوردستان لە گڵاوی ئەم جاشە ملپانانە پاك نەبێتەوە ، هەدا نادەم.

(*) بڕێك سەرچاوە مردنی مەعنەوی فاتێح بۆ 1968 ـ 1969 ئەگەڕێننەوە. یان ڕەنگە ئەو کاتەی " ما و پۆلیس " ی نووسی و کەوتە " گوو خواردن " (#) و ، جاسووسی بۆ ساواك .

(#) لە "سوخەنڕانی"! استاذنا! فاتێحەوە وەرگیراوە!

(5) جاشێکی بزووتنەوەی 1346 ـ 1347 ی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو. لە شەڕێکی کاك سمایلی شەریفزادە و، کاك عەوڵای موعینی و ئەواندا ( بە داوای لێبووردنەوە!) لە ترسا خۆی پیس کردبوو!
ئەویش ئەبێ حیکمەتیست بووبێ، " گوو" ی کردبوو بە خۆیا!!

(6) ، (9) ،(10) و، (13) ئەم گەجەر و گوجەرانە هەموویان ئەندام و، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پۆلیت بیرۆ و( قسەی قۆڕی) حككا ـ حیکمەتیستن!! دەستم بگا و، کاتم هەبێ بە فیرۆی بدەم ، لە باتی سەیری کارتۆنی " تۆم و جێری ( ڕازانی و، تەقوایی) و، ئینسپێکتۆر گاجێت " ، بە کورتی و، لە سەر هەوای ساتیری پاڕوودی دێمەوە سەر وردکردنەوەی لایەنی سایکۆ ـ سووسیالی کەسایەتی نەبووی ئەم نیشتمان فرۆشە پێڵاو لێسە، سایکۆپاتانە . لە وردکردنەوە مەبەستم ئانالیز نیە ، بەڵکوو سەقزی وتەنی ئەمەوێ ئەم تمەنی‌یە قەڵبانە بکەم بە دوو پەچ قەرانی!

کاتی زیاتریشم هەبێ کەوەری ئەی جنم و ، ڕیسوا " تر" ی زەمانەیان ئەکەم. ئەیانکەم بە بنێشتە خۆشەی دەم خەڵك. وەک چۆن کاتی خۆی عەبەی قاسم کرا بە پەن. ( گەنجی سەقزی لە سەر هەوای گۆرانی " سائێب " ی گەورە ـ کەی تۆم دیوە ، کەی ئەتناسم ـ گۆرانی ئێوارانی کۆڵان گەڕییان ببوو بە :
" کەی تۆم دیوە کەی ئەتناسم دایکت دەگ...م عەبەی قاسم"[*] )

[*] عەبەی قاسم ، جاشێکی بەناوبانگی سەقز بوو. بە درێژایی ژیانی، فاتێح ئاسا وەك کرم ژیا. بە قەد موزەففەری موحەممەدی و ، حاجی فەحوڵڵای سەقز ژنی هێنا. منالی ئەبوو بە 12 ساڵ ، گوێی ئەگرت و، لە ماڵ ئەیکردە دەرەوە. کاك قاسمی باوکی، لە سەر پانزە قەران دا بەر شەق . کەری بەستەزمانی ڕەنگ کرد و، لە لای قولی پێیەوە فووی تێکرد و، بە نرخی هێسر بە کابرای بەدبەختی دێهاتی فرۆشت . ( ئەو پەنەی حیکمەت بە فاتێحی دا!) سێ جار لە لایەن پێشمەرگەوە تەقەی لێکرا و، شەل و گێڕ بوو. دوا جار بەر قنگی کەوت! بە بەراوەردێکی ڕێژەیی ، هێشتا " ئەو" زۆر لە جاشە کوردەکانی حککا و ، حککا ـ حیکمەتیست و، حککع و، حککچع بە شەرەفترە.

(7) ژنراڵی شا و، ( ئەڵێن گوایە! ) باوکی کوورش و بارام وسیاوەش وئازەر و بێهرووزی مودەڕڕەسی‌یە. پێم وایە باوکی ئیرجی فەرزاد و فاتێحی شێخیشە !!!!!!! ( وام بیستووە، ئیرج و فاتێح بۆ بەلادا خستنی ئەم دەنگۆیە ئەیانەوێ پەنا بەرنە بەر دی . ئێن . ئا !) دوای ئامۆژگاری ناوبراو ، چوار کوڕ و کچەکەی( شەش کوڕ و کچەکەی ) حککایان دوو قاش کرد و، باڵی حیکمەتیستیان دامەزراند. ئەیەویست لە سەر بنەمای فەلسەفەی" خێر بۆ خێش ، نەك بۆ دەروێش " ، لە پێخەسوویی ئێران و ئامریکا و، تورکیا و، ئیسرائیلدا ، بەشی شێر بەر منالەکانی خۆی کەوێ. یەکێك لە کوڕەکانی( سیاوەش ) لە حککادا " بۆجاسووسی لە سەر جاسووس بۆ جاسووس!! " هێشتۆتەوە. بەلاتانەوە سەیر نەبێ کە هەر پێنج منداڵەکەی ئەم جەنابی تیمسارە لە کۆمیتەی ناوەندی حککادا بوون !!

هەر لە ڕۆژی یەکەمی ناردنی تاقمی مەنسوورەوە بۆ کوردستان ، یەکێك لەو ڕاوێژکارانە بووە ، ڕۆژئاوا پشتی پێ بەستووە. لە سەر پێشنیاری ئەم زۆڵە ، چەمران و ڕازانی بە دوو چەکی جیاوازەوە و، لە دوو پادگانی جیاوازەوە لە لایەن دەسەڵاتی خوێن و سێدارەی خومەینی و ئەوانەی دایاننا ( " ژێنراڵ هۆیزێر"ی بەناوبانگی خاوەن " پێنج ئالتێرناتیف "ەکە) بەرەو کوردستان بەرێ کران . هەر ئەم چڵکاوخۆرە ملپانە، پێشنیاری بینینی خومەینی ـ پروفسور شەریف ڤانلی ( کە لە 1358 داڕوویدا) کردبوو. نەیانزانیبوو کاك عیسمەت پێڵاوی پێشمەرگەیەك بە تاجی شا و، عەممامەی خومەینی ناگۆڕێتەوە.

خۆی و بنەماڵەکەی لە ڕووڕەشترین و بێشەرەفترین و خائێنترین و، گڵاوترین جاشەکانی مێژووی کوردستانن.

(8) سەرۆکی ساواکی ئێران . لەگەڵ تیمسار بەختیاردا فەرمانی شەهید کردنی د. فاتێمیی ئازادیخوازیان، کە وەزیری دەرەوەی کابینەی موسەددێق و سەرنووسەری ڕۆژنامەی " باختەر" بوو و، لە وتارێکدا شای بە " جوان هوسباز" ناوبردبوو ، بە شەعبان بێ موخ و تەییبی ئاغا زاغی و هەفت کەچەلان دا. چاوەڕێی شەعبانەکانی حککاین ،کەی فەرمانی کوشتنی ئێمە لە سەر مەنسووری هەوەسباز ، لە ئەربابەکانیانەوە وەرگرن ! ( پووتێ نۆك خۆن و پشتمان تێکەن !)

(9) لە سەر " حەمە سوور " ، چاوەڕوانی وتاری!! زۆر، زۆر، زۆر کورتی " عەنتەرە سەربەرەوخوارەکەی حککا ـ حیکمەتیست " بن .

(11) و (15) داستانێکی فولکلۆر ئەڵێ ، بە کابرایەکیان وت ئەو ئاگرە دامرکێنەوە. (بە داوای لێبوردنەوە) ئەویش کە دێ میزی پیا کات، لە ناکاو بایەکی لێ بەر ئەبێتەوە. کابرای یەکەم پێی ئەڵێ : " کاکی خۆم! وتم بیکوژێنەوە، نەمگوت بیگەشێنەوە! "

(12) " شط العرب ".
(13) چاوەڕێی وتاری!! زۆر زۆر زۆر کورتی ( " پلەی بۆی" ی بەناوبانگی حککا و، " هیووگ هێفنێر"(*) ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، " عمو مزە/ مزە چاخان" ی "ساحێب ولزەنان" ی " حەرەمسەرای مەنسووری" بن! )

(*) لە 1953 دا گۆڤاری پۆرنۆگرافیکی" پلەی بۆی " دامەزراند.

(14) دوای شەن و کەو کردنی لە لایەن ڕفێق " عەلی بێ فەرهەنگ" ەوە!

(16) لە ڕاستیدا ئەمە " شیت میووزیك " ی سروودی ئەو سەردەمەیە ئێران هێشتا ناوی ئینگلیزیی هەبوو ( پێرشیا ) . پاشان سروودی" ئەی ئیران ، ئەی مەرزێ پور گوهەر " ی « موقەددەم » و « س . ئەفسەر » و، " شاهەنشەهێ ما ...." هاتنە کایەوە . لە 1935یشدا ڕەزاخان وشەی " ئێران "ی دزی و لە پێرشیای نا. وەک " دیاکۆنۆف " ی دانەری مێژووی ماد ئەڵێ ، فارسەکان لە بنەڕەتا هەر ئێرانیش نەبوون و ، لە دواییدا بە زۆر خۆیان خنییە ناو ئێرانییەکانەوە و، دەزگای حکوومەتی و سیستمی بەڕێوەبەری وڵات و،دەزگای داد و هەموو دامەزراوە

حکوومی‌یەکانیان لە مادەکانەوە پێگەیی ! تەنانەت ناوەکەشیان ئێمەی کورد لێمان ناون ! واتە وشەی فارس وشەیەکی کوردی ـ مادیە و، لە " پارس " و، " پارسوا " و، " پەراسوو " ەوە هاتووە کە بە مانای " پەراسوو " و کەلەکە و لاکلایە . واتە ئەو خەڵکەی وڵاتەکەیان کەوتۆتە لاکلای ئێمپراتۆری مادەوە. ( تاریخ ماد ، ا. م. دیاکۆنۆف ، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، ل 68 ). ئەمەم تەنیا وەك زانیاری بۆ خۆ بە کەمزانترین نۆکەری بێ فەرهەنگی شۆڤێنیسمی فارس، ئیرجی فەرزاد نووسی .

(17) لە 1332 و ئەو ناوەدا، لات و لووتە چەقۆ کێشەکانی شای لە بابەتی " هفت کچلان " و " طیب اغا زاغی " ( باوکی موحسێنی ڕەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران ) و، " شعبان بی مخ " ، ئەم سوێندەیان ئەخوارد و، لە سەر سەریشیان " جاوید شاه " یان کوتابوو. گوایە تیمسار مودەڕڕەسی لە سەر قنگی کوتاویەتی! ( ـ ئەم تیمسارە قەشەنگە، قنگی لە سەری زووتر بۆ شاهەنشای هێمۆسێکسۆئێل ڕووت ئەکرد! بۆ ئەوەی جاوید شاکەی پیشان بات!!! )